# لەساڵیادی کۆچی دوایی هاوڕێ (حەفسە کەریم غەفور)دا



شێروان ئەحمەد

لە ساڵی 1937 لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، هەر لە تەمەنی لاویەتی چۆتە ریزی حزبی شیوعی عێراق‌و لەگەڵ برایەکەی ئەحمەد کەریم غەفور ناسراو بە هاوڕێ نوری کارە نهێنییەکانی حزبی زۆر بە لێهاتوویی‌و چاونەترسی ئەنجام داوە.

لە ساڵانی شەستەکان هاوسەرەکەی لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی تر لە نوگرە سەلمان بەندی دەکرێن ئەوکاتە حەفسە خان حەماسی شیوعیەت جۆشی ئەدات‌و لە تەك گۆشەگیرکردنی منداڵەکانی لە کارە حزبییەکانی بەردەوام دەبێت.

لە سەرەتای هەشتاکان حەفسەی نەمر لەگەڵ هاوڕێ شێری شەهیدان (ئایشەگوڵ) ئاشنای یەکتر ئەبن‌و بۆ کۆمەك کردنی هاوڕێیانی شاخ بە پێداویستییەکانیان‌و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو ڕۆژنامەی حزب فاشستەکانی بەعس ئەتۆقێنن.

لە 1995/5/31 حەفسەی شیوعی دڵە گەورەکەی هەتا هەتایێ لە لێدان کەوت‌و لە گۆڕستانی شێخ مەعروف بە خاك سپێراوە.

شێخی شاعیران حەسیب قەرەداغی ئەم چەند دێرە شیعرەی بۆ هۆنیوە کە لەسەر بەردی گۆڕەکەی هەڵکەنراوە:

هۆ شاژنەکەی ماڵە باوانت گوڵ بەدەستەکەی رێی ئاوەدانت
خۆ دەبوو مردن وا شەرمەزار بێ روو رەشی دەرگای وەرزی بەهار بێ
چۆن دەستی چووە باخی گیانی تۆ بەرەو گۆڕی برد رێی ژیانی تۆ
هەر تۆ ئەو دایکە میهرەبانە بووی خەزینەی خەمی ئەم باوانە بووی
هەر خوشك نەبووی تۆ وەك برا بووی لە تاریکەدا نوورو چرا بووی
حەفسەخان بەهەشت ئارامگای تۆیە بەشی من ئەمڕۆ هەر خوشکەڕۆیە
تۆ لە دڵما نامری‌و ماویت وەك جاری جاران هەر لەسەر چاویت
هەزاران هەزار سلاو لە ڕۆحی پاکی تۆو شەهیدانی حزب.

# بە بۆنەی تێپەڕ بوونی (56) ساڵ بەسەر تەواو بوونی دووەم شەڕی جیهانیدا* پەیماننامەی خۆ بەدەستەوەدانی عەسکەری

و.دڵزار

1.ئێمە کە لای خوارەوەمان ئیمزا کردووە بە ناوی سەرکردایەتی بەرزی ئەڵمانیەوە کار دەکەین، ڕێکین لەسەر خۆ بەدەستەوەدانی بەبێ مەرجی هەموو هێزە چەکدارەکانمان لە زەوی‌و زەریاو ئاسمانیداو هەموو ئەو هێزانەش کە لە کاتی ئێستادا، لەژێر سەرکردایەتی ئەڵمانیادان، خۆیان تەسلیم بە سەرکردایەتی بەرزی هێزە هاوپەیمانەکان بکەن.

2.سەرکردایەتی بەرزی ئەڵمانیا دەم‌و دەس فەرمان بۆ هەموو سەرکردەکانی هێزە زەمینی‌و زەریایی‌و ئاسمانییەکانی ئەڵمانیاو بۆ هەموو ئەو هێزانەی کە لە ژێر فەرمانی سەرکردایەتی ئەڵمانیادان، دەردەکا کە بزووتنەوە جەنگییەکانیان لە سات (8 23) بە پێی کات دانانی ناوەڕاستی ئەورووپا لە (8)ی ئایاری 1945 دا ڕاگرن‌و لەو شوێنانەدا بمێننەوە کە ئێستا لێی بوونەو تەواوی چەکەکانیان فرێ بدەن‌و هەموو چەك‌و کەل‌و پەلە عەسکەرییەکانیان تەسلیم بە سەرکردە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بکەن، یاز تەسلیم بەو ئەفسەرانەیان بکەن، کە وەك نوێنەرانی سەرکردایەتی بەرزی هاوپەیمانان دادەنرێن نابێ لەناو ببرێن یان هیچ زیانێك بە کەشتی‌و فرۆکەو پەروانەو پەیکەرەکانیان‌و کەل‌و پەلەکانیان بگاو، هەروەها نابێ زیان بە ماکینەکان‌و چەك‌و جیهازەکان‌و هۆیە تەکنیکی‌و عەسکەرییەکان بگەیەندرێ‌و بە تێکڕایی نابێ پەکی شەڕ پێکردنیان بخرێ.

3.سەرکردایەتی بەرزی ئەڵمانی دەم‌و دەس سەرکردەکانی پێویست دادەنێ‌و جێبەجێ کردنی هەموو ئەو فەرمانانە دابین دەکا کە لە مەودوا لە سەرکردایەتی بەرزی هێزەهاوپەیمانەکانەوە دەردەچن.

4.ئەم پەیماننامەیە، چ کۆسپێك لەسەر ڕێی گۆڕینی بۆ پەیماننامەی گشتی لە بابەت خۆ بە دەستەوەدانەوە دروست ناکا کە نەتەوە یەکگرتووەکان، یان بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دابندرێ، کە بە گشتی پەیوەندیدارە بەهێزە چەکدراەکانی ئەڵمانیاوە.

5.لەحاڵەتێکدا کە سەرکردایەتی بەرزی ئەڵمانیا، یان هەر هێزێکی تری چەکدارییی کە لە ژێر فەرمانی دایە، ئەو کارەی بە پێی ئەم پەیماننامەی خۆ بەدەستەوە دانە ئەنجام نەدا، ئەوا سەرکردایەتی بەرزی سوپای سوور هەروەها سەرکردایەتی بەرزی هێزە هاوپەیمانەکان بۆیان هەیە هەموو ڕێگایەکی تەمێ کردن یان هەر کارێکی تری کە بە پێویستی دەزانن بەکاری بهێنن.

6.ئەم پەیماننامەیە بە زمانەکانی رووسی‌و ئینگلیزی‌و ئەڵمانی نووسراوەو تەنیا دیکۆمێنتەکانی رووسی‌و ئینگلیزی بە ڕاست دادەنرێن، ڕۆژی (8) ی ئەیاری ساڵی (1945) لە شاری بەرلین لە لایەن سەرکردایەتی بەرزی ئەڵمانیاوە ئیمزا کراوە.

کیتیل فریدیبورگ شتومبیف

بە ئامادەبوونی :

بە تەکلیف کردن لەلایەن سەرکردایەتی بەرزی سوپای سوورەوە، ماریشاڵی یەکێتی شورەوی گ. ژوکوف

بە تەکلیف کردن لە سەرکردایەتی بەرزی هێزەکانی هاوپەیمانانەوە ماریشاڵی گەورەی هێزی هەوایی تیدیر.

هەروەها لە کاتی ئیمزا کردندا بە سیفەتی دوو شاهید

سەرکردەی هێزەکانی ستراتیژی سەرکردەی گشتی سوپای فەڕەنسە

ئەمەریکی جەنەراڵ سباتس جەنەڕاڵ دیلاتری تاسینی

*دڵزار لە کتێبی (دوا هێرش)ی (ڤلادیمێر ئەبیزۆڤ)ەوە کردوویەتە کوردی

ئەوەی شایانترە بەلێ دوان

لە ماوەی دووەم شەڕی جیهاندا، سەرکەوتن لە شەڕەکەی مۆسکۆدا، هێزی چەکی سۆڤێتی‌و گیانی پارێزگارانی ئازادی‌و سەربەخۆیی دەرخست‌و بەشدارییەکی کاریگەریی لەبەرزکردنەوەی بەرخودان، لەو وڵاتانەدا کرد کە فاشیزم کۆیلەی کردبوون.

جا لەم بارەوە لەو ڕۆژانەدا نووسییان:

سەرۆکی ئەمەریکا فرانکلن روزفلت:

بێگومان سوپای گەلی رووس هێزە چەکدارەکانی هیتلەریان ناچاری خستە سەر ڕێی دوا هەڵاتن کردو بۆ سەردەمێکی درێژ بوونە مایەی شانازی‌و سەرسوڕمانی گەلی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیای مەزن، ونستۆن چەرچل:

لینینگراد و مۆسکۆ نەکەوتن، سوپاکانی رووسیا، لەناو مەیدانەکانی شەردان، سەرکەوتووانە بەرەو پێش دەچن‌و داگیرکەری نەفرین لێ کراو لە خاکی نیشتمانەکەیاندا - کە زۆر یان خۆش دەوێ‌و بەوپەڕی ئازایەتیشەوە داکۆکی لێ دەکەن - را دەماڵن.

ئەمە جگە لەوە بۆ جاری یەکەمە، ئەفسانەی هیتلەر تەفرو توونا دەکەن لە باتی سەرکەوتن‌و وەدەست خستنی دەسکەوتی زۆرەوە، کە هیتلەرو تیپ‌و سوپاکانی، لە ڕۆژئاوادا دەستیان دەکەوت، هیتلەر هەتا ئێستا لە رووسیا جگە لە بەڵاو کارەساتی هەڵاتن‌و شەرم‌و شوورەیی ئەو تاوانانەی کە ئەقڵ نایان گرێ‌و جگە لە کوشت‌و بڕی ملیۆنەها سەربازی ئەڵمانی‌و رەق بوونەوەیان بە بای سەر بەفرو سەهۆڵی رووسیا شتێکی کەی دەس نەکەوت.

سەرۆکی فەڕەنسا لە شەڕدا، جەنەراڵ دیگۆل:

هیچ فەرەنسییەکی شەریف نییە کە ئافەرین‌و سەرکەوتن لە رووسیا نەکا، کە توانست‌و شوێن‌و پلەی ئەڵمانیا دادەبەزێنێ.

خۆری سەربەرزی و سەروەری رووسیا بەرەو کەشکەلانی گەردوون بەرز دەبێتەوەو هەموو گێتی بەوە قانیع دەبێ کە ئەو گەلەی لە سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن پێکهاتووە شایانە بە مەزن ناوبرێ، چونکە دەزانێ چۆن دەجەنگێ، واتا چۆن بەسەر دژوارییەکاندا زاڵ دەبێ‌و تێ سرەواندنی وەڵامدانەوەیی ئاراستە دەکات، چونکە بەخۆی ڕاست بۆتەوەو چەکی لە دەستایەو خەباتی خوێناوی دەکاو سەختترین کارەسات یەك پارچەیی ئەو گەلەی پێ هەڵناوەشێ.

گەلی فەڕەنسا بە هەیبەت‌و ئەوپەڕی شادمانییەوە هەستی خۆی بەرانبەر سەرکەوتنەکانی گەلی رووس‌و بەرزبوونەوەی توانینەکانی دەردەبڕێ، چونکە ئەم سەرکەوتنانە فەڕەنسا لە ئامانجەکانی نزیك دەکاتەوە، لە سەرکەوتن‌و تۆڵەسەندن.

مردنی هەر سەربازێکی ئەڵمانی، بە کوشتن یان، بە چەك لێ داماڵینی، لە رووسیای فراوان، لە نزیك لینینگراد و مۆسکۆ یان سیواستەپۆل، لەسەر هەر تۆپێکی ئەڵمانی لەناو هەر فرۆکەیەك، هەر تانکێك توانینێکی نوێ بە فەڕەنسا دەدەن بۆ سەر لەنوێ هەستانەوەو سەرکەوتن.

جەنەراڵی ئەمەریکایی ماکارتۆر:

هیوایەکانی شارستانیەتی‌و ژیاری وا بە ئاڵاکانی سوپای ئازاو بە جەرگ‌و لێ هاتووی رووسەوە هەڵواسراون.

بەشداریم لە گەلێ شەڕدا کردووەو چاودێری هیتریشم کردووە، بە دوورودرێژیش لە هێرشەکانی فەرماندە گەورەکانی عەسکەری لەمەو پێشم کۆڵیوەتەوە بەڵام لە هیچ شوێنێك وەك ئەم بەرخودانە کاریگەریانەو وەك ئەم تێ سرەواندنە هەرە بەهێزانەم نەدیون، کە ئاراستەی دوژمنێکی سەرکەوتوو کرابێ.

ئەو بەرگری‌و بەرخودانەی کە هێرشی پێچەوانە، تێکشکانێکی دوژمنی بۆ دواوە، بۆ ناو خودی خاکەکەی خۆی گەڕاندەوە.

لە ڕاستیدا مەوداو بریقەی ئەم کۆششە ئەنجامدانێکی جەنگی هەرە مەزنە بە درێژایی هەموو مێژوو.

سەفیری بەریتانیای مەزن لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لورد هالیفاکس:

لەر استیدا رووسیای سۆڤێتی نموونەیەکی فرەنایابی لە بارەی ئازایەتی سوپا ڕێك‌و پێکەکەیەوەو تیپە فیداکارەکانیەوە لە پاشانگی سوپای ئەڵمانی‌و قارەمانێتی فرۆکەوانەکانیەوەو خۆڕاگرییە سەرسوڕێنەکەی خەڵکانی سویلەوە پێش کێش کردین.

سیاسەتمەداری بەریتانی، ئەندامی حزبی کرێکاران - بیڤن:

هەر یارمەتییەکی توانیبێتمان پێشکێشی بکەین مەزن نییە، ئەگەر بە کردو کۆششی گەلی سۆڤێتی باڵا لەندەهۆری بەراورد بکەین.

نەوەکانمان کە موتالای کتێبە قوتابخانەییەکانیان لە مێژوودا دەکەن، بیر لە رابوردوو دەکەنەوەو سەرمەستی پێ خۆش بوون‌و منەتباری قارەمانێتی رووسیای مەزن دەبن.

لە گۆڤاری: الاتحاد السوفیتی العدد (362) فی 1987

## عەلی باپیر.. پاشماوە

ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە عەلی باپیروکۆمەڵێك ئەندامانی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە بەیاننامەیەکدا جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندو ناوی خۆیان نا (کۆمەڵەی ئیسلامی لەکوردستان/عێراق).

تا ئێستا ئەم کۆمەڵە دەستیان گرتووە بەسەر شارۆچکەی خۆرماڵ‌و دەوروبەریداو ئەحمەد ئاواو مزگەوتی خۆرماڵ‌و قەڵای خۆرماڵ‌و زەڵم‌و، شارۆچکەی سیروان، لە سلێمانیش دەستیان گرتووە بەسەر بارەگایەکی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا لە گەڕەکی توی مەلیك، جگە لەوە لە زۆربەی شوێنە گشتییەکانی شاری سلێمانی بەیاننامەو دروشمی خۆیان هەڵواسیوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ قەیرانی دوای کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دەکات کە لە 2000/8/11 تا ئەمڕۆ درێژەی کێشاوە. لەلایەك دەڵێ( کۆمەڵی ئیسلامی لەکوردستان/عێراق) درێژە پێدەری کاری جیهادی بزووتنەوەی یەکبونی ئیسلامییە تد) لەلایەکی دیکە دەڵێ: بەکارهێنانی هەر هۆکارێکی شەرعی کە بۆمان مەیسەربێت بۆ گۆڕین‌و پاکسازیی‌و چاکسازی کۆمەڵگەکەمان‌و تد.

لەکۆتایی بەیاننامەکەدا دەڵێ: پاراستنی بەرژەوەندی‌و مافە ڕەوایەکانی وڵاتانی دراوسێشمان بە ئەرکێکی سەرشانمان